# تـــیرۆر

**وەرگێڕانی : فازڵ مەلا رەحیم**



لە نەوەدەکاندا، جەنگی سارد کەشوهەوایەکی نوێی ئەمنی جیهانیی لێکەوتەوە، کە بەوە دەناسرایەوە کەلەسەر جەنگە ناوخۆییەکان چڕدەبۆوە لەبری جەنگ لە نێوان دەوڵەتاندا. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، هەڕەشەی نوێی جیهانیی سەریهەڵدا، کاتێک هێرشەکانی (11ی ئەیلولی 2001) بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بە ئاشکرا هەڕەشە جدیەکانی تیرۆری نێودەوڵەتیی دەرخست و ئەو رووداوانەی دوای ئەویش خولیای چەکی ناوکیی و مەترسیەکانی چەکی تەقلیدیی ئاشکراکرد.

هەموو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنە ئامادەباشییەوە، هەر یەک لە چوارچێوەی کارەکانی خۆیدا بۆ روبەروبوونەوەی تیرۆر.

لە (28ی ئەیلولدا) ئەنجومەنی ئاسایش بریاری (1373) ی پەیرەو کرد، بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆر ، بە گوێرەی بەشی حەوتەم لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان و سزادانی هەموو پارەکۆکردنەوەیەک بۆ ئەو مەبەستانە، سڕکردنی هەموو سەرچاوە داراییەکانی تیرۆریستان ئەنجومەنەکە هەروەها(لیژنەی نەهێشتنی تیرۆر)ی دامەزراند بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بریارەکە.

ڕووداوە کارەساتیەکانی (11 ی ئەیلول)، هەروەها ئەگەری مەترسیی چەکی کۆکوژی ئاشکراکرد، لە حاڵەتێکدا بگاتە دەستی ئەو لایەنانەی سەر بە دەوڵەتان نین، لەوانە بوو ئەو هێرشە وێرانکاریی گەورەی لێبکەوتایەتەوە ئەگەر تیرۆریستەکان بیانتوانیایە چەکی کیمیاویی یان بایۆلۆژیی، یاخود ناوکیان بەدەستبهێنن ئەنجومەنی گشتی ئەم مەسەلانەی دەرخست کاتێک بریاری (83/57) ی پەسند کرد، ئەوش یەکەمین دەقە کە پەیوەست بێت بە و ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆریستان بۆ بەدەستهێنانی ئەو چەکانەو ڕێگەی گەیشتن و گواستنەوەیان.

لە (28ی نیسان ی 2004)دا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان بە کۆی دەنگ بریاری (1540 لە 2004) دا دەرکرد بەگوێرەی بەشی حەوتەم لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان، کە دەڵێت "دەوڵەتان پابەندن بە نەدانی هیچ جۆرە پشتگیریەک بەو لایەنانەی سەربە دەوڵەتان نین، ئەوانەی دەیانەوێت چەکی ناوکیی و کیمیاویی، یاخود بیۆلۆژیی نوێ و هۆکارەکانی گواستنەوەی دروستبکەن . لە کۆتایشدا ئەنجومەنی گشتیی (ریککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ قەدەغەکردنی کاری تیرۆری ناوکیی) کردە بەرنامە.

لە ساڵی (2002) دا نووسینگەی نەتەوەیەکگرتوەکان کە بایەخ بە مادە هۆشبەرەکان و تاوان دەدات، (پرۆژەی جیهانیی بۆ نەهێشتانی تیرۆر) ی دەستپێکرد و لە (2003)دا نوسینگەکە هاوکاریی تەکنیکیی خۆی فراوان کرد بۆ پتەوکردنی سیستمی یاسایی بۆ نەهێشتنی تیرۆر.

لە چوارچێوەی یاساییدا، نەتەوەیەکگرتوەکان و دەزگاکانی ـ وەک ڕێکخراوی فرۆکەوانیی مەدەنیی نێودەوڵەتیی ، ڕێکخراوی دەریایی نێودەوڵەتیی و ئاژانسیی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیی تۆڕێک لە گرێبەستە نێودەوڵەتیەکانی پەرەپێدا، کە دەبنە بناغەیەکی یاسایی بنچینەیی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر.

ئەم بناغانەش بریتین لە ڕێککەوتنەکان دەربارەی دەستدرێژی لەناو فرۆکەدا و ڕفاندنی و ئەو کردەوانەی هەڕەشەن بۆ سەر فرۆکەوانیی مەدەنیی، تاوانەکان دژی ئەو کەسانەی کە پارێزگاریی نێودەوڵەتیان هەیە، وەک کارمەندە دیپلۆماسیەکان، و پارێزگاریی ماددی کەلوپەلە ئەتۆمیەکان، ئەوکارانەی دەبنە هەڕەشە بۆ سەلامەتیی دەریاوانیی، ناسینەوەی تەقەمەنیە پلاستیکیەکان بەمەبەستی ئاشکراکردنی. زیاتر لەوەش پرۆتۆکۆڵی پەیوەست بە نەهێشتنی توندوتیژیی نایاسایی لە فرۆکەخانەکان کە خزمەتی فرۆکەوانیی مەدەنیی دەکات، وە پرۆتۆکۆڵی پەیوەست بە کارە نایاساییەکان کە ئاراستەی سەلامەتی دامەزراوەکانی سەر کەناری کیشوەرەکان.

ئەنجومونی گشتیی کاری بەم پێنج ڕێککەوتننامەیەی خوارەوە کرد: ڕێککەوتننامەی نێودەولەتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارمتە گرتن، ڕێککەوتننامەی پەیوەست بە سەلامەتیی فەرمانبەرانی نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەوانەی پەیوەندیارن پێیانەوە هەیە، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشە ئیرهابیەکان بە بۆمب و نارنجۆک ، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ ڕووبوڕووبوونەوەی کۆمەککردنی تیرۆر و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ئەتۆمیی.

بەڵام مەخابن دەستدرێژیە ئیرهابیە گەورەکان بەدێژایی ساڵەکان درێژەی هەیە لەدوای ڕووداوەکانی (2003)ی ئەیلولەوە- بۆ نمونە : دەستدرێژیەکانی سەر بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لە بەغدا لە ئابی (2003) دا، دەستدرێژیی بۆ سەر چوار شەمەندەفەری گشتیی لە مەدرید لە ئاداری(2004) دا، دەستدرێژیی بۆ سەر گەرەکێکی نیشتەجێبوونی پڕ لە شوقەو نووسینگە ی سەر بە خۆرئاواییەکان لە شاری (خەبەر) لە عەرەبیی سعودی لە مایسی (2004) ، دەستدرێژیی بۆ سەر تونێلەکانی لەندەن لە تەموزی (2005)دا ، هێشکردنە سەر ناوچەیەکی گەشتیاریی و مەڵبەندێکی بازرگانیی لە شاری (بالی) لە تشرینی یەکەمی (2005)دا ، هێرشکرانە سەر چەندین شوێن لە شاری مۆمبای لە تشرینی دووەمی (2009) دا ، دەستدرێژیی بۆ سەر ئوتێلی (ماریۆن )و (ریتز)-چارلتون لە جاکارتا لە تەموزی (2009) دا و وە هێرشکردنە سەر میترۆی تونێلەکانی مۆسکۆ لە ئاداری (2010) دا.



ئەنجومەنی گشتیی بە کۆدەنگیی کەوتە خستنەکاری –لەچوارچێوەی هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕاگرتنی ئەم شەپۆلە کوشندەیە– لە ئەیلولی (2006) دا– ستراتیژی جیهانیی بۆ قەلاچۆکردنی تیرۆر. لەسەر قەناعەتێکی قایم کە تیرۆر لە هەموو شێوازەکانیدا کارێکی ناپەسەندو قێزەونە و هیچ پاساوێکی نییە ، ستراتیژەکە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ، تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکان و نیشتمانەکان، دەستنیشانکرد.

ئەو تاوانکاریانەی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بارودۆخێکی تۆقاندنە بۆ مەبەستی سیاسیی لەناو سەرجەم جەماوەردا، یاخود کۆمەڵێک خەڵک، یان کەسانی تایبەت، جۆرە کارێکن کە بەهیچ جۆرێک پاساوی بۆ دانانرێت ، شێوەی سیاسیی یان فەلسەفی، یان بیروباوەڕو ڕەگەزیی هەرچۆنێک بێت، یاخود هەر شێوەیەکی دیکە بێت، کە بکرێتە بیانوو بۆ ئەو کارانە.

**سەرچاوە :**

بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان

## خشتەی کاتۆ شوێنی ڕووداوە تیرۆریستیەکان

| ڕرووداوی تیرۆیستی | کات |
|---|---|
| بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان | ئابی 2003 |
| هێڵی شەمەندەفەری مەدرید | ئاداری 2004 |
| گەرەکی خەبەری سعودی | مایسی 2004 |
| دەستدرێژی تونێلەکانی لەندەن | تەموزی 2005 |
| هێرشکرا سەرچەندین شاری مۆمبا | تشرینی یەکەم 2005 |
| ناوچەی گەشتیاری شاری بالی | تشرینی دووەم 2005 |
| هۆتیلی ماریۆن–ریتز لە جاکارتا | تەموزی 2009 |
| شاری مۆمبا | تشرینی دووەم 2009 |
| میترۆی تونێلەکانی مۆسکۆ | ئاداری 2010 |